## جۆرەکانی هەرێمی دابەش بوونی پیشەسازی :

پیشەسازی چالاکیەکی ئابوریە کەمرۆڤ ئەنجامی دەدات ، بەهۆی بوونی چەند فاکتەرێکی یاریدەدەر ئەم چالاکیە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و یەکسان دابەش نەکراوە بەسەر وولأتان و ناوچەکانی جیهان ، بەڵکو لەناویەك دەوڵەتیشدا بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەکراوە ، ئەمەش لەئەنجامی کارتێکردنی کۆمەڵە فاکتەرێك کەپەیوەستە بەپێشکەوتنی ئابووری دەوڵەتەکە و مێژووی ناوچەکە و کۆمەڵە فاکتەرێکی تر .

## ئەوفاکتەرانەی کاردەکەنە سەر دابەش بوونی پیشەسازی :

### ١. فاکتەرە سروشتیەکان :

بریتیەلەو کۆمەڵە فاکتەرانەی کەمرۆڤ دەسەڵاتی بەسەری دا نیە وەکو بوونی کەرستەی خاو یا بابەتە سەرەتاییەکان یا ئەو بابەتانە کشتوکاڵ یا ئاژەڵی یا کانزایی بێت ، لەهەمانکاتدا بەستراوەتەوە بەسروشتی شوێنی جوگرافی و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری ، هەروەها خەسڵەتەکانی ژینگەی سروشتی ئەمانە لەڕاستی دا بناغەی چەسپاوی یاریدەدەری دامەزراندنی پیشەسازین .

### ٢. فاکتەرە مرۆییەکان :

ئەوفاکتەرانەن کەمرۆڤ دەسەڵاتی بەسەر دەشکێت بۆیە فاکتەری گۆڕاوە بەستراوەتەوە بەدەسەڵاتی مرۆڤ کارتێکردنی چالاکیەکانی مرۆڤ و بەرهەم هێنانی وەتوانای بەسەر کارکردن بەدابەش بوونی جوگرافی پیشەسازی لەسەر ئاستی هەرێمی یان نێودەوڵەتی .

پیشەسازی چالاکیەکە هەردەم لەگۆڕاندایە ئەویش بەهۆی کارتێکردنی کۆمەڵێك فاکتەر ، ئەمانیش دەتوانین بیکەین بەدوو کۆمەڵە :

#### أ. فاکتەرە دەرەکیەکان :

بریتیە لەگۆڕانی ڕێگاوبان لەسەر ناوچەیەك یان دامەزراندنی بنکەی پیشەسازی نوێ یان پەیدابوونی بازاڕی نوێ ئەمانە کاردەکەن لەسەر جێگیربوونی پیشەسازی .

#### ب. فاکتەرە ناوخۆییەکان :

بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەسیاسەتی حکومەت لەبواری گەشەپێدانی ئابووری و هەرێمی وەسود وەرگرتن لەسامانە سرووشتیەکانی ناوچەکە یان فراوان بوون لەوەبەرهێنان بەهەردوو جۆریەوە .

زۆرجاران پیشەسازی لەناوچەیەك دروست دەبێت ، دروست بوونی ئەم پیشەسازیە یان بەرێگای پلان دانانێكی رێك دەبێت یان بەشێوەیەكی هەرەمەكی دەبێت ، هەردووكیان بەردەوامیان هەیە لەگەڵ بوونی فاكتەرەكانی جێگیربوونی پیشەسازی .

## جۆرەكانی دابەش بوونی پیشەسازی هەرێمی

### یەكەم / گردبونەوەی پیشەسازی ( التركز الصناعی ) :

مەبەست لەگردبونەوەی پیشەسازی لەناوچەیەك یان لەهەرێمێك یان لەدەوڵەتێك یان بەواتایەكی تر بوونی پرۆژە و دام و دەزگای پیشەسازی لەهەرێمێكدا بەشێوەیەك زەقتر بێت لەهەرێمەكانی دەوروبەری ، بۆنمونە لەحەفتاكاندا شاری بەغدا زیاتر لە ٦٠٪ی پرۆژەكان و دام و دەزگای پیشەسازی جێگیربوون ، لەبەغدا زیاترلە ٦١٪ی كرێكارە پیشەسازیەكان لەبەغدا جێگیربوون ، ئەمەش وادەگەینێت جێگیربوونی پیشەسازی لەم شارەدا زیاترە لەناوچەكانی تر . نمونە لەیەكێتی سۆڤیەت پێش تێكچونی ١/٤ یەك لەسەر چواری كارگاكان كۆبونەوە لە رووبەرێك تەنها لە١٪ی رووبەری سۆڤیەت بوو ، لەئەڵمانیا ٤/٥چوار لەسەر پێنجی پیشەسازیەكانی ئەڵمانیا جێگیربوون لەناوچەیەك پێی دەوترێت ناوچەی ( الرۆر ) .

### پێوانی گردبوونەوەی پیشەسازی بەچەند پێوەرێك ئە نجام دەدرێت :

١. ژمارەی پرۆژە پیشەسازیەكان .
٢. ژمارەی دەستی كاركەر لەم كەرتەدا .
٣. بەهای بەرهەم هێنان و بەهای كۆكراوە ، بڕی سوتەمەنی هێزی جولاندنی بەكارهێنراو .
٤. ئەو سەرمایەی بەكاردەهێنرێت بۆبەردەوامی پیشەسازی .

هەندێ جار جۆرێك لەجۆرەكانی پیشەسازی جێگیردەبێت لەناوچەیەك بەشێوەیەك جیاوازیەكی ئەوتۆی دەبێت لەگەڵ ناوچەكانی تر هەندێ جار كۆمەڵێ پیشەسازی جێگیردەبن لەناوچەیەك ، بەڵام بەهەرشێوەیەك بێت ، كۆبوونەوەی پرۆژە پیشەسازیەكان و كارگاكان لەشوێنێك ژێرخانی ناوچەكەی بەهێزدەكات دەبێتەمایەی بوژانەوەی ناوچەكە بەهۆی ئەوگۆڕانكاریانەی كەڕوودەدەن لەئەنجامی كۆبونەوەی پیشەسازی لەناوچەكە وەكۆكردنەوەی ڕێگاوبان بەمەبەستی ئاسانكردنی هاتووچۆ وەگەیشتنی كەرستەی خاو وەگواستنەوەی بەرووبوم بۆبازاڕ ، هەروەها دەبێتەمایەی كردنەوەی چەندین خزمەتگوزاری وەكو مەڵبەندەكانی فێركردن و تەندروستی و

چەندین دام و دەزگای كارگێڕی بنكەی خزمەتگوزاری لەگەڵ دامەزراندنی جێگیربوونی پیشەسازیەكە ئەمانەش دەبنە فاكتەری سەرەكی بۆ بەردەوام بونیان .

## بنەماكانی گردبونەوەی پیشەسازی :

### ١. فاكتەری سروشتی :

لەفاكتەرە سەرەكیەكانە بۆگردبونەوەی پیشەسازی لەناوچەیەك ، وەكو بوونی كەرستەی خاو و بابەتی سەرەكی پیشەسازی ، بۆنمونە خەڵووز و ئاسن كاریگەری هەرەسەرەكی بوون بۆسەركەتنی شۆڕشی پیشەسازی لەجیهاندا زۆربەی پیشەسازیەكان پشتیان بەست بەوكەرستەی بەبەردەوام بوونیان ناوچەكانیان بەناوبانگن لەجیهاندا وەكو ناوچەی بیرمنگهام لەبەریتانیا ، ناوچەی ڕۆر لەئەڵمانیا كەواتە بوونی ئەم دوو كەرستەیە بەهاوكاری سوتەمەنی لەگەڵ ئەوكەرستانەی بەكاردەهێنرا لەپیشەسازیەكان .

### ٢. شوێنی جوگرافی :

زۆرجار شوێنی پیشەسازی دەبێتە فاكتەرێكی سەرەكی بۆبەردەوام بونی چالاكیەك بەهۆی ئەو ئاسانكاریانەی كەپێشكەش دەكات بۆ گواستنەوە و گەیاندن ، بۆنمونە هەڵكەوتنی ناوچەیەك لەسەر هێڵەكانی كەشتیوانی و دەریایی یان ڕێگاوبانی سەرەكی فاكتەری گرنگە بۆپەیدابون و گەشەسەندنی زۆر لەبنكە پیشەسازیەكان لەجیهاندا وەكو كەنارەكانی باشوری ڕۆژهەڵاتی یابان كەئاسانكاریەكی زۆر پێشكەش دەكەن بۆ هێنانی كەرستەی خاو لەدەرەوە وە ناردنی بەرهەمی دروستكراو بۆ وولاتەكان بەهەمان شێوە .

### ٣. پاشەكەوتی ئابووری :

هەندێ لەوشتە باشانەی كەشوێنی جوگرافی دەی بەخشێتە پیشەسازی دەبێتە مایەی زیادبوونی قازانج وەكەم بوونەوەی تێچوی بەرهەم هێنان بەڕێگای كەم كردنەوەی نرخی بابەتە هێنراوەكان وەسوتەمەنی یان پەیدابوونی بازاڕی نوێ زێدە داخوازی لەسەر بەرهەم كەم بوونی تێچوی گواستنەوە ئەمانە گشتیان هاندەری سەرەكین بۆڕاكێشانی پیشەسازی .

**دوو جۆرە پاشەكەوت هەیە :**

### أ. پاشەكەوتی ناوەخۆ :

ئەم جۆرە پاشەكەوتە كەدێتە دەست بەهۆكاری چالاكی پڕۆژەكان لەئەنجامی فراوان بوونیان وەزۆربوونی بەرهەمیان ئەویش بەڕێگای بەكارهێنانی شێوازی زانستی پێشكەوتو لەبەرهەم هێنان یان چاكردنەوەی جۆری دار و بابەتی بەكاردەهێنرێت لەپیشەسازیەكە ئەمانە دەبنە مایەی پاشەكەوتی بڕێك لەوپارانە كەپێویستی پیشەسازیەكەی و پێش گۆڕانكاریەكان .

### ب. پاشەكەوتی دەرەكی :

ئەو دەستكەوتانەن كە دێنەئەنجام بەڕێگای فراوان بوونی پڕۆژە پیشەسازیەكان بەكارتێكردنی فاكتەرە دەرەكیەكان وەكو دروست كردنی پیشەسازی نویٚ لەناوچەكەدا یان ئامادەكردنی پێداویستیەكانی بەرهەم هێنان لەپڕۆژەكان بەنرخێكی كەمتر و جۆرێكی باشتر یان پەیدابوونی بازاڕی نویٚ لەدەرەوە زیادبوونی داخوازی لەسەر بەرهەمەكانی ناوچەكە .

### ٤. سیاسەتی ئابووری دەوڵەت :

سیاسەتی ئابووری هەردەوڵەتێك هەڵقوڵاوەتەوە لەبارودۆخی ناودەوڵەتەكە ، بۆیە جیاوازی هەیە لەدەوڵەتانی تر هەندیٚ جار دەوڵەت هان دەدەن بۆ دابەش بوونی پیشەسازیەكان بەسەرچەند هەرێمێك بەهۆی چەند فاكتەرێك هەندیٚ جار لەم فاكتەرانە ڕامیارین هەندێكی تر پەیوەستە بەئەمنی وولاٚت هەندێكی تر ئابوورین ، هەندیٚ جاریش بۆپەرەپێدان و پێشخستنی جۆری پیشەسازی بەهەمان شێوە دەوڵەتی تر هەنە پیشەسازیەكان لەیەك ناوچە جێگیر دەبن ، مەبەستیش لەم كردارە پسپۆڕی پیشەسازی جیاجیا لەناو وولاٚتەكە پەیدا دەبێت .

## چۆنیەتی پێوانەكردنی گردبوونەوەی پیشەسازی

### ١. ژمارەی دام و دەزگای پیشەسازی :

سادەترین پێوەرە كەبەكاردەهێنرێت بۆ پێوانی گردبونەوەی پیشەسازی لەهەرناوچەیەك یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك ، بەلاٚم یەك لەو ڕەخنە سەرەكیانەی كەئاراستەی ئەم پێوەرە دەكرێت ئەم ڕێگایە قەبارەی دام و دەزگای پیشەسازی هیچ حیسابی بۆ ناكریٚ ، كەواتە دام و دەزگای پیشەسازی یەكسان حیساب دەكریٚ گەرچی

جیاوازیەکی ئەوتۆ هەبێت لەژمارەی ئەوکرێکارانە کە کارگاکان لەهەردوو شوێن ٥٠کرێکار یان ٥٠٠کرێکار یان ١٠٠٠کرێکار بەهەمان چاو سەیردەکرێ ، کەواتە بایەخ دەدرێت بەژمارەی دام و دەزگاکان نەك قەبارەی دام و دەزگاکان .

### ٢. ژمارەی ئەو کرێکارانەی کەکاردەکەن لە پیشەسازی :

ئەمەش لەهەموو پێوەرەکان زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانی گردبوونەوەی پیشەسازی وەچڕی کرێکارەکان لەدام و دەزگاکاندا کە ئامارێکی تەواو هەبێت سەبارەت بەژمارەی کرێکاران کەلەم پیشەسازیەدا کاردەکەن ، بەهەمان شێوە ڕەخنەیەکی سەرەکی ئاراستەی ئەم پێوەرەدەکرێت ئەویش هیچ جیاوازیەك ناکات لەنێوان کرێکارەکان (گشت کرێکارەکان) بەهەمان چاو سەیر دەکرێن ، کەواتە بەهرەمەندی و لێهاتویی هیچ بەهاونرخی نیە لەم پێوەرەدا ، بەڵام لێرەدا جیاوازی دروست دەبێت نێوان دووکارگاکە بەهەمان کرێکار ، بەڵام یەکێکیان بەرهەمەکەی زیاتر و باشترە لەوەی تر بەهۆی لێهاتوویی ئەوکۆمەڵەی لەکارگاکەی یەکەم کاردەکەن ، هەندێ جاریش ناشارەزایی کرێکارەکان بەئامێرەکانی ناوکارگاکان فاکتەرێکی دیکەیە بۆ جیاوازی بەرهەم لەنێوان هەردووکارگاکان .

### ٣. بەهای بەرهەمی پیشەسازی :

یەکێکە لەو پێوەرانەی کەبەکاردەهێنرێت بۆ پێوانی گردبونەوەی پیشەسازی ئەویش پشت دەبەستێت بەم خاڵانەی خوارەوە :

أ. بەهای کۆتایی بەرهەمەکان .

ب. بەهای زیادکراو .

ت. بەهای ئەو سەرمایەی بەکارهێنراوە لەپرۆژە پیشەسازیەکان .

### ٤. بەهای زێدەکراو :

ئەم بەهایەش لەجیاوازی نێوان بەهای بابەتە سەرەتاییەکان کەبەکارهێنراوە لەبەرهەم هێنان وەبەهای کۆتایی بەرهەمەکان کەئامادەن بۆ ساغ کردنەوە لەبازاڕەکان بەبابەتە سەرەتاییەکان بریتن لە تێچوی کەرستەی خاوی سوتەمەنی هێزی جولاندن لەڕاستی ئەم پێوەرە لەهەندێ وولاتی ئەوروپی و ئەمریکی بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانی جێگیربوونی پیشەسازی جگە لەگردبوونەوەی پیشەسازی .

٥. **بڕی سەرمایەی بەکارهێنراو :**

ئەم بەهایەش پێوەرێکە بۆ ئاستی تەکنەلۆجی پێشکەوتوی ئەم پیشەسازیە ڕوون دەکاتەوە ، بۆیە لەو کارگانەی کەئاستی تەکنەلۆجیان بەرزە ، ژمارەی کرێکاریان کەمە بەبەراوورد بەکارگەکانی دیکە ، هەروەها ئەم پێوەرە بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەپلەی پێشکەتنی پیشەسازی نێوان کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتی .

لەڕاستیدا زۆر لەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە دەربارەی پێوانی گردبوونەوەی پیشەسازی لەناوچەیەك یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك دا ، ئەویش بەکارهێنانی چەندین ڕێگا وەکو بەکارهێنانی ناوەندی ژمێریاری لەیەکێك لەو ڕێگایانە یان پێوانی دیاردەیەکی گردبونەوە یان پێوانی گردبونەوەی پیشەسازی بەپێوەری گرنگی پیشەسازی یەك لەو لێکۆڵینەوانە کەئەنجام درا لێکۆڵینەوەی ( د.الکسندر ) سەبارەت بەگردبوونەوەی شوێن لەناوچەیەك دا ڕێژەی گردبونەوەی شوێن بەپێی ئەم تیۆرەی کە (الکسندر) بەکاری هێنا دەتوانین پلەی گردبونەوەی پیشەسازی بەدەست بێنن لەهەرناوچەیەك یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك ، ئەویش بەکار دەهێنرێت بۆ پێوانی گردبونەوەی پیشەسازی بەراوورد بەهەمان دیاردە ، بەڵام لەناوچەیەکی فراوانتر لەناوچەی یەکەم .

## دووەم / بڵاوبونەوەی پیشەسازی ( التشتت الصناعي ) :

جۆرێکە لەجۆرەکانی دابەش بوونی هەرێمی پیشەسازی یان دەتوانین بڵێین شێوەیەکە پێچەوانەی شێوەی یەکەمە ( گردبونەوەی پیشەسازی ) گەر دیاردەی یەکەم کۆبونەوەی کارگاکان لەناوچەیەکدا بپێوێت یان لەهەر هەرێمێك بڵاوبونەوەی پیشەسازی بەپێچەوانەوە لێ دەکۆڵێتەوە لەچۆنیەتی دابەش بوونی یان پەرت و بڵاوبونی پیشەسازی لەناوچەیەك یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك .

پێوانی بڵاوبونەوەی پیشەسازی بەهەمان شێوە بەهەمان پێوەر بەکاردەهێنرێت کەبەکارهێنراوە بۆ پێوانی گردبونەوەی پیشەسازی وەکو ژمارەی دام و دەزگاکان ژمارەی ئەو کەسانەی کاردەکەن لەپیشەسازی بەهای بەرهەمی کۆتای بڕی سەرمایەی بەکارهێنراو ، هەروەها بڵاوبونەوەی پیشەسازی دەپێورێت بەڕێگایەکی ماتماتیکی بەبەکارهێنانی ئەمانە :

١. مەودای بڵاوبونەوە ( مدد التشتت ) .

٢. لادانی ناوەندی ( انعراف المتوسط) .

٣. لادانی پێوانەیی ( انعراف المعياری ) .

٤. هاوکۆلکەی جیاوازی ( معامل اختلاف ) .

## سێ یەم / جۆراوجۆری پیشەسازی ( التنوع الصناعی ) :

مەبەست لەجۆراوجۆری پیشەسازی بوونی یان دامەزراندنی پیشەسازی جیاجیا جیاواز لەبەرهەم لەناوچەیەکی دیاریکراو ئەم زاراوەش پێچەوانەی تایبەتمەندی پیشەسازیە ، هەروەها جۆراوجۆری پیشەسازی پێناسەدەکرێت بەبوونی ژمارەیەکی زۆری کارگایەکی زۆر لەبەرهەم لەهەرناوچەیەکدا ئەمەش وادەکات ناوچەکە نزیك بێتەوە لەپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆی بۆیە ئابووری ئەم ناوچانە زۆر جێگیرن زووناڕوخێن وەکو ئەو دەوڵەتانەی کە ئابووریان یەك لایەنە .

لەڕاستیدا هەرێمەپیشەسازیەکان گشتیان هەوڵ دەدەن بۆڕاکێشانی پڕۆژە پیشەسازیەکان ئەمەش مەبەستی هەردەوڵەتێکە ئەمەش یەکێکە لەخەسڵەتەکانی بەرهەمی پیشەسازی کەلەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی پیشەسازی دامەزراوە ( پشت بەستنی بەبەرهەم هێنان لەپیشەسازیەك لەسەر کۆمەڵێك پیشەسازی ) شارە گەورەکان فاکتەری ڕاکێشن بۆ چەند جۆری پیشەسازی ، لەڕاستیدا جۆراوجۆری پیشەسازی بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێك فاکتەری سروشتی و شوێنی ، هەروەها بەپێشکەوتنی پیشەسازی و سیاسەتی ئابووری دەوڵەت شارە گەورەکان کەتوانای سەرمایەداری بەرزیان هەیە زیاتر توانای ڕاکێشانی جۆرەها پیشەسازی بۆخۆی هەیە ، بەڵام لێرەدا پلان دانانی پیشەسازی پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینێت .

## گرنگی جۆراوجۆری پیشەسازی

١. بەرهەمی زیاتری لاستیکی لەکات بەرامبەر گۆڕانکاریەکانی داخوازی لەسەر پیشەسازی وەبەرامبەر ئەو پلانە پیشەسازیەی کەدانراوە .
٢. ئاسانی گواستنەوەی دەستی کرێکار لە پیشەسازیەك بۆ پیشەسازیەکی تر بەتایبەت کاتی تەنگانە .
٣. ئامادەکردنی هەلی کارکردن بەتایبەتی بۆدەستی کارکەری شارەزا و لێهاتوو .

## شێوازی شوێنی پیشەسازی

پیشەسازی چەند جۆرە ، سەبارەت بەدابەش بوونی هەرێمی لەسەرئاستی دەوڵەت یان هەرێم یان لەسەر ئاستی جیهاندا ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی هۆکارەکانی بوونی یان دامەزراندنی پیشەسازی لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر لەکاتێك بۆ کاتێکی تر یان لەسیستەمێکی ئابووری بۆ سیستەمێکی تر ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا

چەندین فاکتەری شوێنی هەنە بەستراوون بەبنەمای جوگرافی و بوونی سامانی سروشتی و سیاسەتی ئابووری دەوڵەت لەهەمانکاتدا دەبەسترێتەوە بەدابەش بوونی دانیشتوان و ئاستی پێشکەوتن لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆیە دابەش بوونی پیشەسازی دەست پێ دەکات لەپیشەسازی بچوك و بەجیا بۆ پیشەسازی پێشکەوتوو بەکۆمەڵ .

## شێوەکانی شوێنی پیشەسازی ئەم جۆرانەن :

### ١. خاڵی پیشەسازی :

ئەمەش ڕووبەرەکەی زۆر بچوك دەبێت ، پێکهاتوە لەکارگایەك یان دووکارگا بەشێوەی جیاجیا وەکو پڕۆژەکانی شەکر لەکێڵگەی چاندنی چەوەندەر دەبێت یان پڕۆژەکانی شیرن کردنی ئاوی دەریا لەکەنار دەریاکان دەبێت کارگاکان لەشێوەی جیابن ، بەڵام هەندێ جار ئەم کارگانە پێش دەکەون چەندین پیشەسازی تر بۆخۆیان ڕادەکێشن .

### ٢. پیشەسازیە دابەشکراوەکان :

پیشەسازیەکان بەشێوەی جیادەبن بەیەکتر نەبەستراون ، بەڵام پیشەسازیەکان بەپلەی یەکەم بەبازاڕ بەستراون لەو شوێنانەن کەدانیشتوانی زۆرە وەکو پیشەسازی دروستکردنی شیرنەمەنی ، ساردەمەنی ، نان ، چاککردنەوەی ئامێرەکان .

### ٣. ناوچەی پیشەسازی :

بریتیە لەڕووبەرێکی فراوانی زەوی کەژمارەیەکی زۆری کارگا بەیەك بەستراون ، لەبواری بەرهەم هێنان بەشێوەیەك کەتەواوکەری یەکترن ئەم ناوچانە هەندێ جار لەشوێنێکی تایبەت لەشار دەردەکەون ، هەندێکیان لەکەناری شاردەبن ، بەڵام خەسڵەتی هەرەسەرەکی ئەم شوێنە بریتیە لەچڕی پڕۆژەی پیشەسازی ئەمەش لەووڵاتە پێشکەوتوەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ ووڵاتانی تر ( تازە پێگەیشتوو ) .

### ٤. هەرێمی پیشەسازی :

فراوانترە لەناوچەی پیشەسازی ڕووبەری گەورەتر داگیردەکات ، هەندێ جار جێگیربوونی پیشەسازی لەهەرێمەکەدا دیاردەکەوێت ، لەم هەرێمانەدا پیشەسازیەکان جۆراوجۆرن پیشەسازی قورس لەگەڵ پیشەسازی سووك لەم ناوچەیەدان ، زۆرجار ئەم هەرێمە خزمەتی شارێکی گەورە دەکات لەبواری پیشەسازی یان کۆمەڵە شارێکی بچوك بەرهەمەکەشی هەندێ جار بۆپڕکردنەوەی پێویستی ناوەخۆ و هەندێ جاریش ناردن بۆ دەرەوە ، پشت دەبەستێت بەکەرستەی خاوی ناو ووڵات بەهەمان شێوە جێگای خۆی کردۆتەوە لەبازاڕی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی ، لەوهەرێمانە هەرێمی پیشەسازی شیکاگۆ ، هەرێمی ڕۆر لەئەڵمانیا ، ئۆرال ، لۆرین .

### ٥. پشتێنی پیشەسازی :

فراوانترە لەهەرێمی پیشەسازی وەفراوانترین کۆبونەوەی پیشەسازیە کەبڵاودەبێتەوە لەهەرێمێك یان لەناوچەیەکی پیشەسازی ئەمە لەووڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان بەدیاردەکەوێت ، چەندین شاری پیشەسازی گەورە لەخۆدەگرێتەوە ، بنەماکانی پیشەسازی هەیە وەکو بوونی دەستی کارکەر ، کەرستەی خاوی کانزایی ، سەرچاوەکانی ووزە ، ئاو ، تۆڕی ڕێگاوبان لەم پشتێنانە ، پشتێنی باکوری ڕۆژهەڵاتی USA کەشارەکانی ( نیۆ جێرسی ، پەنسلڤانیا ، نیۆیۆرك )دەکەونە ناو ئەم پشتێنە .

مێرلاند : بریتیە لەکۆمەڵێك هەرێمی پیشەسازی ، پیشەسازیەکان جۆراوجۆرن وەکو پیشەسازی ئاسن و پۆڵا ، کاغەز ، چاپەمەنی ، جل و بەرگ ، یاری منداڵان .

### ٦. نشینگەی پیشەسازی :

لەگشت جۆرەکانی پێشو گەورەتر و فراوانترە جێگیر بوونی پیشەسازی لەهەرێمەکان و شارە پیشەسازیەکان پێویست بوو بۆ پێشخستن و گەشەکردنی پیشەسازی شێوەکانی بەکارهێنانی زەوی بەشێوەیەکی باش بەکاربهێنرێت ، ئەمانە گشتیان بوینە مەبەستێکی گشتی لەسەر ئاستی ووڵاتە پێشکەوتوەکان ، هەروەها بۆ ووڵاتە تازەپێگەیشتوەکان ، بۆیە ململانێیەکی دیار هەیە لەنێوان دەوڵەتە پێشکەوتوەکان بۆ وەدەست هێنانی گەشەکردنی پیشەسازی بەڕێگای بەکارهێنانی پێشکەوتوترین ڕێگاوئامراز بۆئەم مەبەستە نشینگە پیشەسازیەکان یەك شێوەنین ، بەڵکو جیاوازن لەیەکتر مەبەست لەدروست کردنی ئەم جیاوازیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

١. پلان دانان بۆ جێگیربوونی پیشەسازی وەپێش خستنی پیشەسازی وەنەهێشتنی دامەزراندنی هیچ پیشەسازیەك کەلەگەڵ ئامانجەکانی ووڵات نەگونجێ .
٢. کارکردن لەپێناو پێشخستنی پیشەسازی .
٣. پەرەپێدانی پیشەسازی هەرێمی وەسود وەرگرتن لەسامانە سرووشتیەکان .
٤. کارکردن لەپێناو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی پێویست لەکۆمەڵگادا .

## بەشی پێنجەم /

## پۆلێن کردنی پیشەسازی :

لەڕاستیدا چەندین ڕێگا هەیە بۆ پۆلێن کردنی پیشەسازی لەوانە پۆلێنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، الکومکیون ئەنجومەنی پشتگیری ئابووری وەچەندین پۆلێنی تر هەن لەووڵاتەکانی ئەوڕووپا و هەتا لەعێراقیش گرنگ لێرە پۆلێن کردنی پیشەسازیەکانە بەپێی بەرهەم هێنان کەپۆلێن دەکرێت بۆئەم سێ جۆرە :

١. پیشەسازی دەرهێنان .
٢. پیشەسازی ئامادەکردن .
٣. پیشەسازی گۆڕین .

## ١. پیشەسازی دەرهێنان :

مەبەست لەم پیشەسازیە گشت چالاکیە بەرهەم هێنەرەکان دەگرێتەوە کەگرنگی دەدات بەکەرستەی خاو و سوتەمەنی لەژێرخاکەوە لەڕووبەرە ئاوویەکان ، هەروەها لەدارستان ، ئەم جۆرە پیشەسازیانە بریتیە لەدەرهێنانی خەڵووز وەگشت بابەتەکانزاکان نەوت ، بڕینی دار ، ڕاوەماسی واتە پیشەسازی دەرهێنان بریتیە لەگشت چالاکیە بەرهەم هێنانەکان کەپەیوەستە بەبەدەست هێنانی کەرستەی خاو لەدۆخێکی سروشتی دا ، ئەم پیشەسازیانەش بریتیە لەپیشەسازی کانزاکاری .

مەبەست لەکانزاکاری دەرهێنانی کانزاکانە بەگشت جۆرەکانیەوە بەچەندین ڕێگا بۆ سوود وەرگرتن لەپیشەسازیدا ، لەڕاستیدا شۆڕشی پیشەسازی دەست پێکی ڕاستەقینەیە بۆ پیشەسازی کانزاکاری لەبەرئەوەی بەهۆی ئەم شۆڕشە کۆمەڵێك ئامێر هاتنە بەرهەم کەیاریدەی هەندێ کرادری دا وەکو شکاندنی بەرد ، گواستنەوەی کەرستەی خاو ، درێژکردنی ڕێگاوبان ، گواستنەوەی ئامێرەکان دواتر گواستنەوەی بەرهەم بۆبازاڕەکان ئەمەش فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو بۆ زیادکردنی بەرهەم لەکارگا و کرێکار ، لەهەمانکاتدا پیشەسازی نوێ بازاڕێکی گەورەی دروستکرد بۆکانزاکان بەهۆی بەکارهێنانی لەپیشەسازیەکان فراوان بوونی پیشەسازی بوەمایەی زۆربوونی بەرهەم دواتر بەرزبونەوەی داخوازی بۆئەم کانزایانە بۆبەکارهێنانی لەپیشەسازیدا .

**خەسڵەتە سەرەکیەکانی پیشەسازی کانزاکاری**

١. ئەم جۆرە پیشەسازیە پێویستی بەسەرمایەکی زۆردەبێت ، کەئەم پیشەسازیە پێویستی بەکڕینی ژمارەیەکی زۆر لەئامێر و مەکینە و پێداویستیەکانی پیشەسازی ، هەروەها پێویستی بەئامرازی باشی گواستنەوە هەیە بۆ ئەم جۆرە پیشەسازیانە کەئەمەش لەتوانای تاکە کەسێك نیە ، بەڵکو دەوڵەت یان کۆمەڵە کۆمپانیایەك ئەم کارانە ئە نجام دەدەن ، وەکو کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت ، ئاسن ، مس .

٢. ئەم جۆرە پیشەسازیانە پێویستی بەدەستی کارکەری زۆرنیە بەراوورد بە پیشەسازیەکانی تر ، بەهۆی ئەوەی کە پشت بەئامێر دەبەستێت زیاتر لەمرۆڤ .
٣. ئەم جۆرە پیشەسازیە بەستراوە بەشوێنی بوونی کەرستەی خاوی کانزا ، بۆیە ئەم جۆرە پیشەسازیە پێیان دەگوترێت پیشەسازی چەسپاو .
٤. ئەم جۆرە پیشەسازیانە لەجۆری پیشەسازی تێکدەرن بەهۆی تێکدانی ئەوناوچانەی کەکانزاکانی لێ دەردەهێنن وەهان دەدرێت بۆ وەدەست هێنانی گەورەترین بڕ لەکانزاکان بۆ سوود وەرگرتن لە پیشەسازی .

کۆمپانیای قۆرخکاری بێگانە پیشەسازی ئە نجام دەدەن بۆیە مەبەستی هەرەسەرەکیان دەرهێنانی گەورەترین بڕ لەم کانزایانە لەژێرخاکەوە بۆ وەدەست هێنانی گەورەترین قازانج ، گەشەدەکەن و پێش دەکەون ، لەماوەیەکی کەم دا ماوەکەش بریتیە لەسوود وەرگرتن لەو کانزایانە کۆتاییشیان پێ دێت لەگەڵ کۆتا پێ هاتنی کانزاکان لەناوچەکەدا ئەوشارانەی ئەو جۆرە پیشەسازیەی تێدایە بەهەمان شێوە گەشەدەکەن لەگەڵ بوونی کانزاکان دواتر دەبنە شارێکی بێ دانیشتوان لەگەڵ تەواو بوونی کانزاکان .

### جۆرەکانی کانزاکاری

١. کانزاکاری ڕووی :

شێوازێکی ئاسانە بەکاردەهێنرێت کاتێك کەکانزاکان لەنزیك ڕووی زەوی دەبن وەدەرهێنانیان ئاسان دەبێت وەکو دەرهێنانی ئاسن لەڕۆژئاوای دەریاچەی سوپریور لەئەمریکا ، ئەم ڕێگایە ئاسانە و تێچوی کەمە تەنها لێدانی تونێل مەبەستەکەی جێ بەجێ دەکات پێویستی بەدام و دەزگای گەورە و فراوان نابێت ، هەروەها دەتوانرێت کۆنترۆڵی بەرهەم بکرێت ، بەڵام لەخاڵە لاوازەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کەباروودۆخی ئاووهەوا بەتایبەتی پلەی گەرما و باران و بەفر زۆر کاردەکاتە سەر ئەم جۆرە کانزاکاریە .

٢. کانزاکاری ناوەکی :

ئەمەقورسترە لەشێوەی یەکەم ، بەکاردەهێنرێت کاتێ کانزاکان لەناخی زەوی دەبن پێویستی بەسەرمایەکی زۆرە لەهەمانکاتدا پێویستی بەئامێرە بۆلێدانی ئەم تونێلانە لەهەمانکاتدا پێویستی بەرێگاوبانی ڕێکە بەردەوام چاودێری بکرێت پێویستی بەئامێرەکانی ساردکردنەوە و گەرم کردنەوە دەبێت بۆئەوەی فاکتەری ئاووهەوا کاری لێ نەکات وەکو جۆری یەکەم .